# پێوانەی شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار

د. عبدالصمد احمد محمد
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

بەشی یەکەم:

★ گرفتی توێژینەوە کە:

پەروەردەکردن یەك شێوەو جۆری نییە، بەڵکو زیاتر لە شێوەو شێوازێکی هەیە، هەیە باش و هەشە نازانستی و خراپ. ئەوەی مایەی نیگەرانی و جێگەی سەرنجە لەلای ئێمە ئەوەیە کە شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکانی وەك (شێوازی پەروەردەی توندوتیژ و شێوازی پەروەردەی نازپێدانی لەڕادەبەدەر و شێوازی پەروەردەی گوێپێنەدان و فەرامۆشکردن.. هتد) لەلای زۆر لە خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بەدیدەکرێت و لەلایەن هەندێك لە دایکان و باوکان و تەنانەت هەندێك لە مامۆستایان و پەروەردەردەکاران بەگشتی بەدیدەکرێت. ئێمە لەلای خۆمانەوە درکمان بەم کێشەیە کرد، بۆیە بەباشمانزانی کە توێژینەوەیەك لەم بارەیەوە ئەنجام بدەین.

*** گرنگی توێژینەوە کە :**

مرۆڤ کە بونەوەرێی کۆمەڵایەتییە، کاتێك لەدایك دەبێت تەواو بێ ناسنامەیە، نە چاکەکارە، نە خراپەکار، نە راستگۆیە، نە درۆزن و .. هتد، ئەوەی دواجار لە گەورەییدا بەدەستی دەهێنێت، بەرهەمی پەروەردەیە، واتا ژینگەی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی پەروەردەکردن هۆکار و سەرچاوەی سەرەکییە کە کەسێك دەبێتە چاکەکارو راستگۆ و کەسێکیش دەبێتە خراپەکار و درۆزن.

ئاشکرایە کە شێوازی پەروەردەی نازانستی و هەڵەی وەك شێوازی پەروەردەی توندوتیژ، شێوازی پەروەردەی نازپێدانی لەڕادەبەدەر، شێوازی پەروەردەی گوێپێنەدان و فەرامۆشکردن، کە بە شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکان ناسراوە، کاریگەری خراپی لەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا دەبێت و پێچەوانەکەشی راستە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم روانگەیەوە ئەوەمان بەگرنگ زانی کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین، بۆئەوەی لە کاریگەری شێوازی پەروەردەییە نەرێنییەکان لەسەر رەفتار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی هەرزەکار باشتر تێبگەین.

*** ئامانجی توێژینەوە کە :**

- زانینی پێوانەی شێوازی پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار.

*** سنوری توێژینەوەکە :**

شاری سلێمانی، قوتابیانی قوتابخانەی سەروەرانی کوڕان و قوتابخانەی لەیلا زانای کچان و قوتابخانەی هەواری شاری تێکەڵاو، بۆ ساڵی (٢٠١٧ - ٢٠١٨).

*** پێناسەی چەمکەکان :**

**- شێوازی پەروەردە :**

- بریتییە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی باوان بەرامبەر بەرۆڵەکانیان لە رێگەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنەوە ئەنجام دەدرێت. (شعیبی، ٢٠٠٩، ل٦).

**- هەرزەکاریی :**

بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی کە تاك (نێر و مێ) بە سەریدادێت لەقۆناغی منداڵیدا بۆ قۆناغی پێگەیشتن. ئەم قۆناغە بریتییە لە پێگەیشتنی هۆرمۆنەکان، ماسولکەکان، گەشەی جوڵەییو ژیرییو مەعریفییو گەشەی زمانەوانییو هەڵچوونیو گەشەی کۆمەڵایەتی، ئەم کۆمەڵە گۆڕانکارییانە دەبنە پاڵنەرێك بۆ هەرزەکار تاکو پێناسەیەکی سەربەخۆیی بۆخۆی دابنێت دووربێت لە دەستتێوەردانی گەورەکان. (زهران، ٢٠٠٩، ل٦).

**بەشی دووەم :**

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە :**

*** پێناسەی توندوتیژیی :**

زانایانو پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئایینناسی و زمانناسی لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراوی چەمکی توندوتیژی کۆكو تەبانین، چونکە چەمکێکی فرە رەهەندو فرە رامانو فرە جۆرە، لەگشت بوارەکانی ژیانی سیاسیو پەروەردەییو خێزانی بوونی هەیە..

- رێکخراوی گشتیی نەتەوەیەگرتووەکان پێناسەی توندوتیژی بەم شێوەیە کردووە: (توندوتیژی بریتییە لە پەلاماردانی جەستەیی، یان مەعنەویی لایەنێك کە دەسەڵاتی مادیی، یان مەعنەویی بەسەر لایەنێکی تردا هەیە). (جگەر سۆز، ٢٠١٢، ل٥١).

– مەبەست لە توندوتیژی ئەو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوانەیە کە بە مەبەستی ئازاردانی (خود)، یان کەسانی ترو کەلوپەلەکانیان بەکاردەهێنرێت، ئەو کەسەی ئەو هەڵسوکەوتە شەڕخوازییو کاولکردنە ئیتر ئەو هەڵسوکەوتە جەستەیی لێدان، سوتان، کوشتن، یان گفتی (زارەکی)، جنێو، هەڕەشە دەکەوێتە خانەی دەستدرێژییو شەڕخوازییە .(قەرەچەتانی، ٢٠٠٩، ل٣١٣).

*** جۆرەکانی توندوتیژیی :**

**١-توندوتیژیی جەستەیی:** بریتییە لە ئازاردانی جەستە کە کەسێك لە دژی کەسێکی تر ئەنجامی دەدات، وەك لێدان، بەهۆی دەست، پێلەقە، دار، چەقۆ، بەرد، قژ ڕاکێشان، گوێ ڕاکێشان، بەردانەوە، بە عەرزدادان، سەرو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەمووچاو، یان دەستو پێ شکان، بریندارکردن بە وەسیلەی جۆراوجۆر، چرنوق، کوشتن بەشێوەی راستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ). (جگەر سۆز، ٢٠١٢، ل٤٤).

٢- **توندوتیژیی دەروونی:** بریتییە لە هەراسانکردن و فشار خستنەسەر دەروونی کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە، وەك جنێوپێدان، سووکایەتی پێکردن، تفلێکردن، تۆمەت بۆهەڵبەستن و بوختان بۆکردن، ریسواکردن، زمان لێکێشان، هەڕەشەو خۆ سوورکردنەوە، بێبەشکردن لەیاری گەمەی بەکۆمەڵ. (الغنی، ٢٠٠٢، ل ٤٥).

٣- **توندوتیژی مادیی:** بریتییە لە دەسبەسەراگرتن و داگیرکاری ماڵ و سامانی کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە بەشێوەیەکی نایاسایی و ناڕەوا.

*** هۆکارەکانی توندوتیژیی:**

چەندین ناوەند و دەزگای کۆمەڵایەتی هەن دەبنە سەرچاوەو هۆکار بۆ توند وتیژی، دیارترینیان بریتین لە:

**١- خێزان:**

زۆر لەمنداڵان رەوشتی توندوتیژی لە رێگەی لاساییکردنو هەڵسوکەوتی کەسانی چواردەوریانەوە فێر دەبن، مەخابن هەندێك لەخێزانەکان بەتایبەتی دایكو باوکەکان وەکو پێویست ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ناخەنە ئەستۆو فەرامۆشیان دەکەن، واتا کاتێك دایكو باوكو مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری منداڵ توندوتیژو سەرەڕۆ دەبن و ئازاری کەسانی تر دەدەن، ئاوا دوور نییە منداڵەکانیان لاسایی ئەو توندوتیژیو شەڕخوازییانە بکەنەوەو ئەوانیش وەك گەورەکانیان هەڵسوکەوتیان توندوتیژانەبێت. (دلتافۆ، ٢٠٠٢، ل٤٣).

**٢- قوتابخانە:**

هەندێك لە قوتابخانەکان وەکو پێویست گرنگی بە پەروەردەی قوتابییەکانیان نادەنو لەو رووەوە هیچ نەخشەو پلانێکی تۆکمەو زانستیی پەروەردەییان نییە بۆ ئاڕاستەکردنی قوتابیانو دوور خستنەوەیان لە ئاکارە نەرێنییەکانو خەسڵەتە شەڕەنگێزییەکانیان، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر فێرکردن دەکەنەوە، پرسی پەروەردە ناخەنە کارەکانیانەوە، بۆیە زۆرێك لە قوتابییە لاسارو لادەرەکان سوود لەم بۆشاییە وەردەگرنو لەناو قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانە و کاری توندوتیژیو تێکدانو ئاژاوەنانەوە ئەنجام دەدەن. (دلتافۆ، ٢٠٠٢، ل٤٣).

**٣- دەزگاکانی راگەیاندن:**

راگەیاندن لەم سەردەمەداکە بەسەردەمی تەکنەلۆجیاو شۆڕشی زانستیو جیهانگیریی ناسراوە، رۆڵێکی کاراو گرنگی هەیە لەژیاندا، چ لەسەر ئاستی تاك یان لە سەر ئاستی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بەگشتیی بۆ ئەگەر راگەیاندن (ئەرێنی) بێتو بەباشی بە گوێرەی پلانێکی زانستییو پەروەردەیی ئاڕاستەکرا ئەوا رۆڵێکی مەزنی دەبێت لە کە مکردنەوەی مەینەتییەکانو کارەساتو مەرگەساتەکانی ژیانداو فاکتەرێکی بەهێزیش دەبێت بۆ سەقامگیرییو ئاشتییو تەبایی ئازادی لەسەرتاسەری جیهاندا، هەروەها قوتابخانەیەك دەبێت بۆتێگەیاندنو پێگەیاندنی نەوەی نوێ، بەڵام ئەگەر راگەیاندن نەرێنی بێت بەشێوەیەکی تۆکمەو زانستییانەو بابەتییانە ئاڕاستەنەکراو بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێنرا، ئەوا کارەسات دەخوڵقێنێتو کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەباتو مرۆڤایەتی رووبەڕووی کارەساتو مەرگەسات دەکاتەوە، دەبێتە سەرچاوەی کێشەو قەیرانو شەڕو ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکیو بڵاو کردنەوەی بەد ڕەوشتیو توندوتیژی بە هەموو جیهاندا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆیە ئەگەر راگەیاندن خراپ بەكارهات كەم تازۆر دەبێتە هۆی دروستكردنی توندوتیژی، چ لە ناوخێزاندا چ لەناو قوتابخانەو كۆمەڵگادا، گرنگترین كەناڵەكانی راگەیاندن دەبنە سەرچاوە بۆ دروستكردنی توندوتیژی بەتایبەتی لای منداڵ. ئەمانەن: سینەما (شانۆ)، تەلەفیزیۆن، فیدۆ، ئاتاری، سەتەلایت، گۆڤار، رۆژنامەو پەرتووك...هتد، بەڵام بەگوێرەی توێژینەوەكان لە هەموویان گرنگترو مەترسیدارتر تەلەفیزیۆنە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەك كە لە میسر ئەنجامدراوە دەركەوتووە لە ٨٧٪ ئەوگەنجە میسرییانەی كە لایانداوەو تاوانیان ئەنجامداوە بۆیە پەنایان بۆ توندوتیژی بردووە، چونكە ویستوویانە لاسایی ئەو ئەكتەرە سینەماییانە بكەنەوە كە رۆڵی توندوتیژی لە فلیمەكاندا دەبینن. (جگەر سۆز، ٢٠١٢، ل١٢٩).

**٤- هۆكاری ژینگەیی:**

ئەوەی زانراوە تاكەكانی ناوچە هەڕەمییو قەرەباڵغو چڕو پڕەكان لەڕووی زۆری دانیشتوانەوە زیاتر ئارەزویان بەلای توندوتیژییەوە هەیە، جا زارەكیی بێت، یان جەستەیی. (الطویل، ٢٠١٢، ل١٣).

**٥- هۆكاری ئابووریی:**

نەداریی و هەژاریی و كەم دەستیی و كەمووكورتی لە دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی ژیان دەبێتە مایەی مشتومڕو ئاژاوەی نێوان ژن و مێرد، یان باوك و هەرزەكاران، سەرەنجام سەردەكێشێ بۆ بەكارهێنانی توندتیژیی و لێدان و كوشتن. (عبدالعزیز، ٢٠٠٨، ل٧٤).

**٦-هۆكاری شەڕ:**

خراپی شەڕ و جەنگەكان هەر ئەوە نییە كە كۆمەڵە كەسانێك بە ناڕەوا دەبن بە قوربانی، لەگەڵ ئەمەدا لایەنێكی تری خراپەی شەڕ و جەنگەكان ئەوەیە كە شیرازەی كۆمەڵگە تێك دەدات و توندوتیژی زیاتر بەرهەم دەهێنێت. لە هەموو شەڕەكاندا پەروەردە رۆڵێكی كاریگەری هەبووە بەتایبەتی رەنگدانەوەی شەڕ لەسەر تەواوی میتۆدەكان بەتایبەتی پەیڕەوو پرۆگرام وەكو گێڕانەوەو باس لە ئازایەتیو سەركەوتن وێنەی جەنگ دەكات منداڵ دەكاتە قاڵبی شەڕێكی بەردەوامی جەنگ، بۆیە مێژوو ئەدەبو ئاستو پەروەردەی نیشتیمانی لە ڕێچكەی خۆی لادەدات پەروەردەیەكی توندوتیژ فێری نەوەیەك دەكات ئەو رەوشە بەتەواوی نەوەیەك رادەگەیەنێت، هێرش بردن و لەناوبردن و قڕكردن باشترین هۆكارە بۆمانەوە. (محمد، ٢٠٠٤، ل١٠٢-١٠٣).

*** شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەكان:**

**١- شێوازی توندوتیژ:**

بەشێك لە دایكان و باوكان و مامۆستا و پەروەردەكاران، لە مامەڵە و پەروەروەردەكردنی منداڵ و قوتابی و فێرخوازدا بڕوایان بە توندوتیژی و فشار خستنەسەر و كۆنترۆڵكردن و توڕەبون و هەڕەشە هەیە، لەمەش زیاتر لە پەروەردە و فێركردندا بڕوایان بە لێدان و سزای جەستەیی و دەروونی شكانەوە و سەركوتكردنی منداڵ هەیە ئەم جۆرە كەسانە وابیردەكەنەوە كە منداڵ ئەگەر بەم شێوازانە نەبێت، زەحمەتە بێتە ژێرباری گەورەكان، واتا بەگوێی گەورەكان ناكات، هەر بۆیە پرۆسەی پەروەردە و فێركردن و فێربوون لەمپەر و بەربەستی بۆ

دروستدەبێت و ئامانجەکان نایەنە دی کە بریتین لە پێگەیاندنی منداڵ لەڕوی پەروەردەیی و دەروونی و زانستی و کۆمەڵایەتی و... هتد.

لەمەش ئەستەمتر، هەندێك لە دایکان و باوکان و مامۆستایان و پەروەردەکاران لەوبڕوایەدان کە لەم ڕێگایانەوە، گەورەکان دەتوانن ڕێزی منداڵ و قوتابییەکانیان بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە و پەروەردەی هاوچەرخیش جەخی لێدەکاتەوە کە ئەم شێوازە لە مامەڵەکردن خراپترین شێوازە و ناوەرۆکەکەی زۆر دورە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و فێربوونەوە، دژی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی مرۆڤایەتییە، چونکە منداڵ بەم شێوازە و لەترسا ڕەنگە ناچار بکرێت کە گوێڕایەڵی گەورەکان بێت، بەڵام دەبێت بزانرێت کە ئەمە لەسەر حیسابی ڕووشانی کەسێتی و دروستبوونی گرێی دەروونی لەلای منداڵ دروستدەبێت نەك شتێکی تر، ئەمەش لە بناغەدا پێچەوانەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی ئازاد و سەربەخۆیە، کە پەروەردەی هاوچەرخ جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەم شێوازە لە پەروەردەکردن، منداڵ دەکاتە بوونەوەرێکی بێئیرادە و خۆبەکەمزان و دەستەمۆ و ترسنۆك، لە هەمانکاتدا گۆشەگیر و شەڕەنگێز و ڕقاوی و تۆڵەسێن.

منداڵی سایەی ئەم جۆرە پەروەردەیە کە دەسەڵاتی بەسەر گەورەکاندا ناشکێت، تۆڵەی خۆی لە منداڵی تر دەکاتەوە، لە بچوکترین دەرفەتدا ئازاری منداڵی تر دەدات، کاتێکیش گەورە دەبێت، بەهۆی گرێی خۆبەکمزانینەوە، تۆڵە لە گەورەکانیش دەکاتەوە، بۆئەمە، واتا لە تۆڵە سەندنەوەدا جیاوازی ناکات لە نێوان ناسیاو و نەناسدا، بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نایاتەوە، کەسی خۆشناوێت، بەهەر شێوەیەك بێت دەیەوێت قەرەبووی ڕابردوی لەدەسچووی پڕ شکستی خۆی لە کەسانی تر بکاتەوە. زۆربەی زۆری دیکتاتۆرەکان، لە ڕابردوو و لە ئێستادا قوربانی ئەم جۆرە لە مامەڵە و لە پەروەردەن.

## ٢- شێوازی نازپێدانی لەڕادەبەدەر:

ناوەرۆکی ئەم شێوازە تەواو پێچەوانەی شێوازی توندوتیژییە، واتا دایك و باوك هەموو کات و لە هەموو شتێکدا تەسلیمی هەموو خۆستە ڕەوا و ناڕەواکانی منداڵەکەیان دەبن. هەر بۆیە منداڵ لەسایەی ئەم شێوازەی پەروەردەکردنەدا دەبێتە کەسێکی وڕکاوی و گرینۆك.

ئەگەرچی گەورەکان بەرپرسن لە دروستبوونی منداڵێکی لەم جۆرە، کەچی هەر خۆشیان بێزاری و ناڕەزایی دەردەبڕن و ماندون بەدەست منداڵەکەیانەوە.

ئەم شێوازە لایەنی خراپەی زۆرە، دیارترینیان ئەمانەن:

١- لە ئایندەدا ئەو منداڵە کەسێتییەکی لاوازی دەبێت.

٢- منداڵی سایەی ئەم شێوازەی پەروەردە، لە ئایندەدا لەگەڵ کۆمەڵگەدا تووشی ناکۆکی بەریەککەوتنی زۆر دەبێت، لە هەموو ئەو ناکۆکیانەشدا ئەم جۆرە منداڵە شکستخوارد وو دەبێت.

٣- منداڵی سایەی ئەم شێوازەی پەروەردە، لەبەر ئەوەی لەهەموو شتێکدا پشتی بە گەورەکان بەستووە، بۆیە لە ئایندەدا کەمتر متمانەی بەخۆی دەبێت، یان هەر نایبێت.

### ٣- شێوازی لێنە پرسینەوەو گوێپێنەدان:

هەندێک لە دایکان و باوکان، جا بەهۆی درکپێنەکردن و نەزانینەوە بێت یان هەر هۆیەکی ترەوە، خۆیان بە بەرپرس نازانن لە بەرامبەر رەفتار و هەڵەی منداڵەکانیاندا، منداڵ هەرچییەک بکات، ئەمان لێی ناپرسنەوە، هەڵەکانی بۆ راست ناکەنەوە، وەک بڵێیت منداڵ پێویستی بە رێنمایی و ئامۆژگاری گەورەکان نەبێت و لەتوانایدا هەبێت کە خۆی بکاتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی باش و خزمەتگوزار.

خراپە و مەترسی ئەم شێوازە هەر ئەوەنییە کە منداڵ دەکاتە بوونەوەرێکی هاروهاج و شەرکێش و بێزارکەر، بەڵکو دەبێتە مایەی ئەوەش کە منداڵ هەست نەکات کە هەڵەیەکی کردووە، واتا ئەو بڕوایە لەلای منداڵ دروستدەکات کە ژیان بریتییە لەوەی کە ئەو دەیکات، هەر بۆیەش بەشێوەکی ئاسایی بەردەوام دەبێت لەسەر رەفتارە نەشیاوەکانی خۆی.

بێگومان ئەم شێوازەش لە پەروەردە، وەک شێوازی لێدان و توندوتیژی و نازپێدانی لەڕادەبەدەر، پڕ لە هەڵەو کەموکورتییە، پەروەردەی هاوچەرخ زۆر بەتوندی رەخنەی لێدەگرێت و رەتیدەکاتەوە.

### ٤- شێوازی لێپرسینەوەی نا بابەتیی:

مەبەست لەم شێوازە ئەوەیە کە هەندێجار منداڵ هەڵەیەک، یان رەفتارێکی نەشیاو و خراپ ئەنجام دەدات، دایک و باوک لە کات و شوێنی خۆیدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکەن و فەرامۆشی دەکەن، لەمەش خراپتر، هەندێجا ئەو دایک و باوکە بەدەم منداڵەکەوە پێدەکەنن، منداڵەکەش نەک هەست ناکات کە هەڵەی کردووە، بەڵکو دەگاتە ئەو بڕوایەی کە کارێکی باشی کردووە، چونکە دایک و باوکی هێناوەتە پێکەنین، بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر رەفتارەکانی خۆی، بەڵام لە کاتێکی تردا ئەو منداڵە هەمان رەفتاری پێشووتر، یان لەمەش نەرمتر ئەنجام دەدات، ئەمجارە لەلایەن دایک و باوکییەوە، زۆر بەتوندی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و سزا دەدرێت، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە هەندێجار دایک لەسەر رەفتارێک منداڵەکەی سزا دەدات، بەڵام باوکی بەرگری لێدەکات، یان بەپێچەوانەوە.

لە سایەی ئەم جۆرە پەروەردەیەدا منداڵ نازانێت لە کوێدا و لەچیدا هەڵەی کردووە، یان رەفتاری نەشیاوی ئەنجام داوە، چونکە هەرگیز بە شێوەکی بابەتی ئەنجامی رەفتاری خۆی لەلایەن دایک و باوکییەوە نابینێتەوە.

شایانی باسە ئەم شێوازە لە پەروەردە لەلایەن دایک و باوکەوە هەر تەنها لە رەفتاری نەشیاوی منداڵدا بەدیناکرێت، بەڵکو لە رەفتاری شیاویشدا بەدیدەکرێت، واتا هەندێجار منداڵ رەفتارێکی جوان و باش ئەنجام دەدات، بەڵام لەلایەن دایک و باوکییەوە هیچ پێزانینێک، یان هاندانێک بەدیناکرێت، بەڵام لەکاتێکی تر و لە شوێنێکی تردا، لە بەرامبەر هەمان رەفتار، یان هاوشێوەی ئەمە زۆر ستایش دەکرێت، ئیدی منداڵەکە سەری لێدەشێوێت و نازانێت کامە رەفتار شایانی ستایشە و کامە رەفتار شایانی سزایە.

### توێژینەوەکانی پێشوو:

١- توێژینەوەی (آسیا بیت علی راجح برکات – ٢٠٠٠):

- ناونیشانی توێژینەوە: العلاقە بین اسالیب المعاملە الوالدیە و الاکتئاب لدی بعج المراهیق و المراهقات المراجعین لمستشفی الصە النفسیە بالگائف.

- ئامانجی توێژینەوە کە بریتییە لە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- ئاشنابوون به پەیوەندی نێوان دایكو باوكو خەمۆكیی.

٢- ئاشنابوون به جیاوازیی تاكایەتی نێوان (نێرو مێ)وشێوازی خەمۆكییان.

٣- ئاشنابوون بەشێوازەكانی دایكو باوك، له گەڵ ئاشنابوونی خەمۆكییەكان.

- نمونەی توێژینەوە كە:

نمونەی توێژینەوەكە پێكهاتبوو له (١٣٥) كەس، كه تووشی خەمۆكیی بوون كه تۆمار كرابوون له سەنتەری دەروونی له خەستەخانەی "**طائف**" كه جیاكراونەتەوە (٧٤)مێ (٦١) نێر، تەمەنیان له نێوان (١٢بۆ٢٤)ساڵی، ناوەندی ژمێریی (٤٣بۆ١٧)ساڵی، لادانی پێوانەی (٨ بۆ ٢) ئەوەش دوای دورخستنەوەی ئەو نەخۆشە ناكاملانەی بەكەڵكی توێژینەوە نایەن لەو بواردا.

- دەرەنجامی توێژینەوە كە:

١- بوونی بەشێكی رێژەی باش لەنێوان شێوازی سزادانی باوكو بوونی خەمۆكی لەلای هەرزەكارانی (نێر). شێوازی دەرخستنی (< 0 , 01 ) لەنێوان راكێشانی خۆشەویستی لای هەرزەكار لەنێوان پێوەری ( <001 , 0 ) توێژینەوەكه دەریخست كه هیچ پەیوەندییەكی رێژەیی نییه لەنێوان هەڵسوكەوتی دایكو خەمۆكیی هەرزەكارانەوە.

٢- بوونی پەیوەندییەكی خراپ له نێوان (شێوازی رێنمایی) باوكو خەمۆكیی هەرزەكارەكان له ئاستی رێژەی ( <001 , 0 ) وە هیچ پەیوەندییەكی رێژەیی نییه لەنێوان هەڵسوكەوتی دایكو هەرزەكارەكان.

٣- بوونی پەیوەندییەكی رێژەیی لەنێوان (شێوازی سزادانی باوكو خەمۆكیی لای هەرزەكارەكان) بۆ شێوازێكی گشتیی بەرێژەی ( <01 , 0 ) بەلام پەیوەندییەكی باشی رێژەیی له نێوان شێوازی رێنمایی باوكو خەمۆكیی لای هەرزەكار بەشێوەیەكی گشتیی.

٤- توێژینەوەكه دەریخست هیچ جیاوازییەكی رێژەیی نییه له نێوان هەرزەكارانی (نێرو مێ) له خەمۆكیی.

٥- توێژینەوە كه دەریخست كه دوو شێوازی پەروەردەیی بەشداری دەكەن لەبوونی خەمۆكیی لەنێوان (هەرزەكارانی نێرو مێ) شێوازەكان بریتین له (شێوازی راكێشانی خۆشەویستی، شێوازی رێنمایكردنی باوان).

**٢– توێژینەوەی:** نجاح احمد محمد الدويك : ٢٠٠٨

اساليب المعامله الوالديه وعلاقتها بالزكاو والتصيل الدراسى الآگفال فى مرحله اگفوله المتأخره.

- ئامانجی توێژینەوە كە:

١- خراپ مامەڵەكردنو پەراوێزخستنی ئەو مندالانەی كه لەژێر لێكۆڵینەوەدەن.

٢- دەرخستنی جیاوازی تاكایەتی له روانگەی (ژیرییو كۆمەڵایەتیو هەڵچوونی) لەنێوان ئەو مندالانەی كه پشتگوێخراونو ئەو مندالانەی كه دیموكراس دەژین.

٣- دەرخستنی ئاستی جیاوازی خوێندەواریی لای ئەو مندالانەی كه لەژێر ركێفی مامەڵەی پشتگوێخستنو دیموكراس دەژین.

٤- دەرخستنی ئەو پەیوەندییه لەنێوان شێوازی پشتگوێخستنو پەراوێزخستنو ئەو مندالانەی له روانگەی ژیرییو ئاستی خوێندەواریی.

٥- دەرخستنی شێوازی جۆراوجۆری هەڵسوكەوتی پشتگوێخستنی باوان لەگەڵ مندالەكانیان.

- نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٢٠٠) منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (کالة الغوث)لە شاری غزە لە فەڵەستین، کە تەمەنیان لەنێوان (٩ بۆ ١٢) ساڵەو نموونەکەی تریش بریتیبوو لە ١٠٠نێرو ١٠٠ مێ لە قۆناغی (٥ بۆ ٦) بنەڕەتی بوو.

- دەرەنجامی توێژینەوە کە:

١- دەرخستەیەکی ئاماریمان بۆ دەردەخات لە نێوان مام ناوەندیی ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە ژێر رکێفی مامەڵەی خراپی باوان پەراوێز خستنیان. مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە کەمتر لە ژێر رکێفی خراپ مامەڵەکردنی باوانو پەراوێزخستنیان لەڕوانگەی ئاستی ژیریی گشتیی.

٢- دەرخستەیەکی ئاماریمان بۆ دەردەخات لەنێوان مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە ژێر رکێفی مامەڵەی خراپی باوان پەراوێزخستنیانو مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە کەمتر لەژێر رکێفی خراپ مامەڵەکردنی باوان و پەراوێزخستنیان لەڕوانگەی ئاستی هەڵچوونی گشتیی.

٣- دەرخستەیەکی ئاماریمان بۆ دەردەخات لەنێوان مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە ژێر رکێفی مامەڵەی خراپی باوان پەراوێزخستنیانو مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە کەمتر لەژێر رکێفی خراپ مامەڵەکردنی باوانو پەراوێزخستنیان لەڕوانگەی ئاستی ژیریی کۆمەڵایەتی.

٤- دەرخستەیەکی ئاماریمان بۆ دەردەخات لە نێوان مامناوەندی ئەو منداڵانەی کە زیاتر لە ژێر رکێفی مامەڵەی خراپی باوان پەراوێزخستنیان و مامناوەندیی ئەو منداڵانەی کە کەمتر لەژێر رکێفی خراپ مامەڵەکردنی باوانو پەراوێزخستنیان لەڕوانگەی ئاستی لەسەر ئاستی خوێندن.

٥- بوونی دەرخستەیەکی جیاواز لەنێوان منداڵی نێرینەو مێینە لەسەر ئاستی مامەڵەی خراپو پەراوێزخستنیان.

٣- توێژینەوەی إنعام بنت أحمد عابد شعيبی :٢٠٠٩

- ناونیشانی توێژینەوەکە: اساليب المعامله الوالديه وعلاقتها باتخاذ الابناو لقراراتهم فی المرحله الپانويه

- ئامانجی توێژینەوە کە:

١- جیاوازی نێوان رەگەزی نێرو مێ لە ڕوانگەی شێوازی مامەڵەی باوان.

٢- بوونی پەیوەندی نێوان هەندێ گۆڕانکاریی لە ئاستی (کۆمەڵایەتیو ئابووری)و شێوازی مامەڵەی باوان.

٣- بوونی پەیوەندی شێوازی مامەڵەی باوانو بەکارهێنانی منداڵەکانیان بۆ بڕیاردان لە قۆناغی ناوەندیی.

٤- بوونی پەیوەندی نێوان هەندێك گۆڕانکاریی لەسەر ئاستی (ئابووریو کۆمەڵایەتی) بەکار هێنانی منداڵ لە بڕیاردان لە قۆناغی ناوەندیی.

- نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ٣٠٠ قوتابی لە هەردوو رەگەز لە قوتابخانەی دواناوەندیی (وگن) لە وڵاتی سعودییە، ژمارەی قوتابییەکان رەگەزی نێر ١٤٨ قوتابی بووو رەگەزی مێ ١٥٢ قوتابی بوو.

- دەرەنجامی توێینەوەکە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- بوونی جیاوازی دەرخستەیەکی ئاماریی لەئاستی ( 0 ,05 )لە نێوان رەگەزی نێرو مێ لەئاستی بڕیاردان لە بەرژەوەندی نێرینە.

٢- بوونی جیاوازی دەرخستەیەکی ئاماریی لە ئاست (0 , 001 )لە نێوان نێرو مێو شێوازی مامەڵە کردنی باوان بەتایبەتی باوك لە بەرژەوەندی نێرینە.

٣- نەبوونی جیاوازییەکی دەرخستەیەکی ئاماریی لە نێوان نێرو مێو شێوازی مامەڵەی باوان بەتایەتی دایك لە بەرژەوەندی نێرینە.

٤- بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان مامەڵەی دایكو باوكو بوونی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ئابووریی خێزان.

## بەشی سێیەم :

### * ڕێبازی توێژینەوەکە :

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (شیکاری وەسفی)، چونکە ئەم ڕێبازە گونجاوە لەگەڵ ناوەرۆکی نوێژینەوەکە.

### * کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

کۆمەلگەی توێژینەوەکە بریتییە قوتابیانی قوتابخانەی سەروەرانی کوڕان و قوتابخانەی لەیلا زانای کچان و قوتابخانەی هەواری شاری تێکەڵاو، لە پارێزگای سلێمانی، بۆ ساڵی (٢٠١٧ - ٢٠١٨).

### * نموونەی توێژینەوەکە :

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٠٠) قوتابی قوتابخانەی سەروەرانی کوڕان و قوتابخانەی لەیلا زانای کچان و قوتابخانەی هەواری شاری تێکەڵاو. وەك لە خشتەی ژمارە (١) دا هاتووە..

خشتەی ژمارە ( ١ )

| ژ | ناوی نموونەکان | ژماری خوێندکاران |
|---|---|---|
| ١ | قوتابخانەی سەروەرانی کوڕان | ٣٤ |
| ٢ | قوتابخانەی هەواری شاری تێکەڵاو | ٣٣ |
| ٣ | قوتابخانەی لەیلا زانای کچان | ٣٣ |
| | کۆی گشتیی | ١٠٠ |

### * ئامادەکردنی فۆڕمو کەرەستەی توێژینەوەکە :

توێژەر پێوەری (ناصر، ٢٠١٤)ی بەکارهێناوە، کە لە (٥٦) بڕگە پێك هاتبوو، جێگرەوەکانی پێکهاتبوو لە (هەمیشە بەرسەرمدا جێبەجێ دەبێت، هەندێك جار بە سەرمدا جێبەجێ دەبێت).

### * ڕاستگۆیی توێژینەوەکە :

دوای دەرهێنانی (ڕاستگۆیی وەرگێڕان) ی بڕگەکانی توێژینەوەکە لە شێوەی فۆڕمێك دابەشکرا بەسەر (٥) مامۆستای شارەزا لە بواری پەروەردەی دەروونناسی بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان لە بارەی گونجان یان نەگونجانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بڕگەکان بخەنە ڕوو, سەرئەنجام لەکۆی ٤٥ بڕگە ٣٤ بڕگەی پەسندکرا و ١١ بڕگەشی لابرا، هەروەها پێشنیار کرا کە (٦) بڕگەش زیاد بکرێت وەك لەم خشتەی ژمارە (٢) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارى (٢)

| ژمارەی بڕگەکان | کۆی بڕگەکان | ڕاز یبوون | | ڕاز ینەبوون | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| ١,٢,٣,٤,٥,٦,٧,٨,٩,١٠,١١,١٢,<br>١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤<br>٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣٠,٣١,٣٢,٣٣,٣٤,٣٥,<br>٣٦,٣٧,٣٨,٣٩,٤٠,٤١,٤٢,٤٣,٤٤,٤٥, | ٤٥ | ١,٢,٤,٥,٧,<br>٨,١٢,١٣,١٥,<br>١٧,١٨,١٩,٢٠,<br>٢١,٢٢,٢٣,٢٤,<br>٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,<br>٣٢,٣٣,٣٤,٣٦,<br>٣٧,٣٨,٣٩,٤٠,<br>٤١,٤٢,٤٣,٤٤,٤٥ | ٧٥ | ٣,٦,٩,<br>١٠,١١,١٤,<br>١٦,٢٥,٣٠,<br>٣١,٣٥ | ٢٥ |

### * جێگیری پێوەرەکە :

بریتییە لە توانای پێوەر بۆ بەخشینی هەمان دەرەنجام بە شێوەیەکی نزیکەیی، ئەگەر دووبارە پەیڕو بکرێتەوە بەسەر هەمان ئەو تاکانەدا لە هەلومەرجێکی نزیك لە یەکتریەوە. بەوەش( جێگیری) ئاماژە بۆ خاڵی بوونی ڕێژەییانەی ئامرازی پێوان دەکات لەو هەڵەیەی لە پرۆسەی پێوان دەکەوێتەوە, کە (جێگیری) بەهەڵەی ڕێکەوتەوە پەیوەست دەبێت. (سەمیرە، ٢٠٠٧، ل١٥٣).

### * جێبەجێکردنی توێژینەوە کە :

توێژەر بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ فۆڕمی توێژینەوەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە دابەشکرد, بەشێوەیەکی گشتی ڕوونکردنەوەی بۆ نموونەکان کردووە.

### * ئامرازە ئامارییەکان :

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ئەم ئامارانەی بەکارهێناوە:

١- ڕێژەی سەدی، بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی، بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە.

٢- هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ دەرهێنانی جێگری پێوەرە کە، بە پشت بەست بە هگبەی ئاماری بەپێی سیستمی (spss).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی چوارەم

- **ختستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرئە نجامەکان**
- **راسپاردەکان:**
- **پێشنیارەکان:**

**ختستنەڕوو و شیکردنەوەی دەرئە نجامەکان:**

لەسەر رۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (زانینی پێوانەکردنی شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار) دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان ختستووەتە روو:

**ختشتەی ژمارە (١) رێژەی سەدی تێکڕاری بڕگەکان سەبارەت بە ڕاوبۆچونی هەرزەکاران .**

| بژاردەکان | جێبەجێ نابێت | هەندێ جار جێبەجێ دەبێت | جێبەجێ دەبێت |
|---|---|---|---|
| رێژەی سەدی | ٪ ٦٥ | ٪ ٢٣.٩ | ٪ ١١.١ |

هەروەك لە ختشتەی ژمارە (١) دا هاتووە کە رێژەی سەدی بژاردەکان (جێبەجێ نابێت) یەکسانە بە (٦٥٪)، (هەندێجار جێبەجێ دەبێت) یەکسانە بە (٢٣.٩٪)، (جێبەجێدەبێت) یەکسانە بە (١١.١٪).

**هێڵکاری ژمارە (١)**




**ختشتەی ژمارە (٢) پێوەری لیکارتی سیانی**

| ز | ناوەندی ژمێرەیی | ئە نجام |
|---|---|---|
| ١ | ١ تا ١.٦٦ | جێبەجێ دەبێت |
| ٢ | ١.٦٧ تا ٢.٣٣ | هەندێ جار جێبەجێ دەبێت |
| ٣ | ٢.٣٤ تا ٣ | جێبەجێ نابێت |

وەك لە خشتەی ژمارە (٢)دا هاتووە کە بەپێی پێوەری لیکارتی سیانی، ناوەندی ژمێرەیی هەربڕگەیەك لە (١ تا ١.٦٦) بوو ئەوە دەگەیەنێت کە ئاراستەی وەڵامەکان بەرەو بژاردەی (جێبەجێ دەبێت ) ە. هەروەها ئەگەر لە (١.٦٧ تا ٢.٣٣) بوو ئەوە دەگەیەنێت کە ئاراستەی وەڵامەکان بەرەو بژاردەی (هەندێ جار جێبەجێ دەبێت)ە. بەڵام ئەگەر لەنێوان (٢.٣٤ تا ٣) بوو ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە ئاراستەی وەڵامەکان بەرەو بژاردەی (جێبەجێ نابێت) ە.

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

| برگە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | ئه نجام | برگە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | ئه نجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.63 | 2.08 | هەندێ جار | 21 | 0.57 | 2.80 | جێ بەجێ نابێت |
| 2 | 0.70 | 2.44 | جێ بەجێ نابێت | 22 | 0.64 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت |
| 3 | 0.59 | 2.76 | جێ بەجێ نابێت | 23 | 0.43 | 2.88 | جێ بەجێ نابێت |
| 4 | 0.63 | 2.36 | جێ بەجێ نابێت | 24 | 0.49 | 2.80 | جێ بەجێ نابێت |
| 5 | 0.53 | 2.72 | جێ بەجێ نابێت | 25 | 0.63 | 2.36 | جێ بەجێ نابێت |
| 6 | 0.69 | 2.64 | جێ بەجێ نابێت | 26 | 0.43 | 2.88 | جێ بەجێ نابێت |
| 7 | 0.78 | 2.28 | هەندێ جار | 27 | 0.70 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت |
| 8 | 0.70 | 2.56 | جێ بەجێ نابێت | 28 | 0.51 | 2.76 | جێ بەجێ نابێت |
| 9 | 0.64 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت | 29 | 0.59 | 2.76 | جێ بەجێ نابێت |
| 10 | 0.75 | 2.36 | جێ بەجێ نابێت | 30 | 0.70 | 2.44 | جێ بەجێ نابێت |
| 11 | 0.64 | 2.60 | جێ بەجێ نابێت | 31 | 0.60 | 2.72 | جێ بەجێ نابێت |
| 12 | 0.75 | 2.36 | جێ بەجێ نابێت | 32 | 0.70 | 2.56 | جێ بەجێ نابێت |
| 13 | 0.75 | 2.08 | هەندێ جار | 33 | 0.76 | 2.56 | جێ بەجێ نابێت |
| 14 | 0.70 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت | 34 | 0.80 | 2.60 | جێ بەجێ نابێت |
| 15 | 0.64 | 2.60 | جێ بەجێ نابێت | 35 | 0.55 | 2.84 | جێ بەجێ نابێت |
| 16 | 0.70 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت | 36 | 0.64 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت |
| 17 | 0.51 | 2.76 | جێ بەجێ نابێت | 37 | 0.65 | 2.24 | هەندێ جار |
| 18 | 0.67 | 2.72 | جێ بەجێ نابێت | 38 | 0.70 | 2.48 | جێ بەجێ نابێت |
| 19 | 0.76 | 2.56 | جێ بەجێ نابێت | 39 | 0.67 | 2.28 | هەندێ جار |
| 20 | 0.70 | 2.52 | جێ بەجێ نابێت | 40 | 0.75 | 2.08 | هەندێ جار |
| تێکڕای گشتی ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٥٤ | جێ بەجێ نابێت | | | | |
| لادانی پێوانەیی گشتی | | ٠.٦٥ | | | | | |

هەر وەك لە خشتەی ژمارە (٣) دا هاتووە لە کۆی ٤٠ بڕگە، (٣٤ ) بڕگەیان ئاراستەی وەڵامەکەیان بژاردەی (جێبەجێ نابێت)ە، کە دەکاتە (٨٥٪ ) ی بڕگەکان، لە هەمان کاتدا (٦) بڕگەیان ئاراستەی وەڵامەکەیان بژاردەی (جێبەجێ نابێت)ە، کە دەکاتە (١٥٪ ) ی بڕگەکان .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەشێوەیەکی گسشتی تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی بڕگەکان دەکاتە (٢.٥٤). کە ئەم نرخەش بەپێی خشتە لیکارتی سیانی کە لە (خشتەی ژمارە ٢) دا خراوەتە روو، تێکڕای ئاراستەی گشتی بڕگەکان بژاردەی (جێبەجێ نابێت )
٥. نرخی تێکڕای لادانی پێوانەی بڕگەکان دەکاتە (٠.٦٥) ، کە ئەم نرخەش کەمترە لە ١، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاڕادەیکی باش هاوڕابوون هەیە لە وەڵامەکاندا.

*** پێشنیارەکان :**

١- باوان زیاتر گرنگی بە شێوازەکانی پەروەردەی منداڵە کانیان بدەن.

٢- قوتابخانەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر گرنگی بدەن بە شێوازەکانی پەروەردەی منداڵ.

٣- پتەوکردنی زیاتر پەیوەندی نێوان باوانو مامۆستایانی قوتابخانە.

*** راسپاردەکان :**

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەگۆڕینی گۆڕاوی تر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە سەر ئاستی پارێزگاکانی ترو زانکۆو قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بەباشی کاریگەری شیوازی پەروەردە تێبگەین.

٣- توێژینەوەی زیاتر بکرێت لە رووی لایەنی دەروونیو هەڵچوونیو جەستەی لە سەر هەرزەکا.

سەرچاوەکان

١- جگەر سۆز، محمد سالح پێند رۆیی: ڕۆڵی خێزانو قوتابخانە لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژیدا، ٢٠١٢، چابخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

٢- قەرەچەتانی، کەریم شەریف: سایکۆ لۆژیای گەشە (منداڵو هەرزەکار)، ٢٠٠٩، سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم.

٣- شەکشەك، ئەنەس: هێزە دەروونییە مەعریفییەکانو هێزە دەروونییەکانی جوولێێنەری ڕەفتار: ٢٠١٢، چاپی یەکەم.

٤- دلفاتو، ئالیسا: توندوتیژی خێزانی، ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕە نج.

٥- شعیبی، محمد حسن: علم النفس الاجتماعی، ٢٠٠٩، بیروت، لوبنان.

٦- زهران، حامد عبدالسلام، علم النفس النمو، ٢٠٠٩، مصر، القاهره.

٧- الغنی، عبدالله احمد، الاسالیب التربویه، ٢٠٠٢، بیروت لوبنان.

٨- الطویل، حسن عزیز: التربیه وعلم النفس، ٢٠١٢، بیروت، لوبنان.

٩- عبدالعزیز، محمد خالد: مبادئ علم الفس التربوی، ٢٠٠٨، القاهره.

١٠- محمد، جمال نوری: تربیه الاجیال، ٢٠٠٤، بیروت، لوبنان.

١١- سمیره، علی: التربیة بین نضریة والتطبیق، ٢٠٠٧، سوریا، دمشق.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (١)

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی خوێند نی بالاّ**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**
**بەشی باخچەی منداڵان**

### فۆڕمی راستگۆیی شارەزایان

بەڕێز...
سلاو...
توێژەر، توێژینەوەیەك به ناونیشانی (پێوانەی شێوازی پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار) ئەنجام دەدات. بەڕێز تان وەك شارەزایەك دەستنیشان کراون بۆ دیاریکردنی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکان .

هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە

جێرگرەوە کان بریتین لە: (گونجاوە ، نەگونجاوە).

د.عبد الصمد احمد محمد

| ژ | | گونجاوە | نەگونجاوە |
|---|---|---|---|
| ١ | وا هەست دەکەم (دایك و باوکم) منیان پیّ زیادە | | |
| ٢ | هەمیشە (دایك و باوکم) داواکارییەکانم بەتوڕە ییەوە رەتدەکەنەوە | | |
| ٣ | دایك و باوکم ئەرکەکانی خویند نگەم بۆبەجێ ئەهێنن لەترسی سزای مامۆستا سەرەڕای ئەوەی توانام لەجێبەجێ کردنیان هەیە | | |
| ٤ | دایك و باوکم ڕای خۆیان بەسەرمدا ئەسەپێنن | | |
| ٥ | دایك و باوکم داوام لیّ دەکەن کە هەندێك لەشتە تایبەتیەکانم ببەخشم بەخوشك و براکانی ترم | | |
| ٦ | دایك و باوکم لێم دوور دەکەونەوە چونکە بە پچڕ پچڕ قسەدەکەم | | |
| ٧ | دایك و باوکم لەوە دەترسن کە دوچاری مەترسیی ببمەوە | | |
| ٨ | دایك و باوکم پێداویستیە کانی خویند گام بۆ ناکڕن | | |
| ٩ | کە قسەدەکەم سەرنجی خەڵکی ئەوروژێن دایك و با وکم | | |
| ١٠ | هەست دەکەم لەنێوان براکانم دا ستم لێکراوم | | |
| ١١ | دایك و باوکم لەماڵەوە دەرم دەکەن | | |
| ١٢ | ئەگەر لەمەبەستی دایك وباوکم تیّ نەگەم لێم توڕە دەبن | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | دایك و باوكم وائەزانن ناتوانم لەكاتی كێشەیەكدا بەرگری لەخۆم بكەم | | |
| ١٤ | چونكە باش ناتوانم قسە بكەم دایك و باوكم گفتوگۆم لەگەڵ ناكەن | | |
| ١٥ | دایك و باوكم نا هێڵن قسەلەسەر بڕیارە كانم بكەم | | |
| ١٦ | دایك و باوكم هەمووكاتێك دژم ڕائەوەستن كاتێك لەگەڵ خوشك وبراكانم تێك ئەچم كە ئەگەر لەسەر حەقیشبم | | |
| ١٧ | هەمیشە دایك و باوكم گازندەم لێ دەكەن | | |
| ١٨ | نیگاكانی دایك و باوكم وام لێ دەكەن كە هەست بە ترس بكەم | | |
| ١٩ | كە لە دەرەوەیماڵەوە دوا ئە كە وم لەگەڕانەوە دایك و باوكم نیگەران ئەبن | | |
| ٢٠ | دایك و باوكم كە پێویستم بە ئامۆژگاری بێت یارمەتیم نادەن | | |
| ٢١ | دایك و باوكم هەمیشە دژ بە ئارەزووە ڕەواكانم ئەوەستنەوە | | |
| ٢٢ | واهەست دەكەم خوشك و براكانم زیاتر لە دایك وباوكم نزیك وەك لەمن | | |
| ٢٣ | هەرچی داوابكەم لە دایك و باوكم وادیارە لەبیری ئەكەن | | |
| ٢٤ | دایك و با وكم فێری شتە هەڵە و ڕاستەكانم نا كەن | | |
| ٢٥ | دایك وباوكم پێیان وا یە لەبەر ئەوەی كەمەندام كەسێكی شیاو نیم | | |
| ٢٦ | دایك و باوكم نا هێڵن لەگەڵ برادەرەكانم گەشت بكەم | | |
| ٢٧ | دایك و باوكم لەمن زیاتر پارەی خەرجی ئەدەن بەخوشك و براكانم | | |
| ٢٨ | دایك و باوكم وەكو كەسێكی بیانی ڕەفتارم لەگەڵ دەكەن | | |
| ٢٩ | دایك و باوكم پێیان وا یە كەتوانای جێبەجێ كردنی ئەركەكانم نییە سەرباری ئەوەی بەتوانام | | |
| ٣٠ | دایك و باوكم بایەخ بەپشكنینە پزیشكیە كانم نادەن | | |
| ٣١ | دایك و باوكم پێم ئەڵێن خوشك وبراكانم لەتۆ باشترن وەتۆ هیچ سوودێكت نیە | | |
| ٣٢ | باوانم یاسا و ڕێسام بۆدادەنێن كەدەبێت من جێبە جێ یان بكەم | | |
| ٣٣ | وا هەست دەكەم دایك وباوكم من سەرچاوەی بێزاركردنی ئەوانم | | |
| ٣٤ | واهەست دەكەم دایك و باوكم هەمیشە سەرقاڵن | | |
| ٣٥ | هەمیشە دایك و باوكم بە بەلاَڵ بانگم دەكەن | | |
| ٣٦ | دایك و باوكم ڕێگەم پێنادەن كە كار وباری خۆم بەڕێوە بەرم | | |
| ٣٧ | دایك و باوكم خوشك وبرا كانم لەگەڵ خۆیان دە بن بۆ شوێنان و بۆنەكان بەلاَم من نابەن | | |
| ٣٨ | واهەست دەكەم دایك و باوكم لێم ڕازیی نین | | |
| ٣٩ | واهەست دەكەم دایك و باوكم سزام نادەن سەرەڕای ئەوەی كە هەڵەدەكەم | | |
| ٤٠ | هەست بە ترسێكی زۆر دەكەم لەكاتێكدا دواكاریم هەبێت لەدایك و باوكم | | |
| ٤١ | دایك و باوكم بەناو ناتۆرەی ناشیرین لەبەر چاوی كەسانی تردا بانگم دەكەن | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢ | دایك و باوکم ڕێگریم لێ دەکەن لەتەماشاکردنی ئەوکەناڵە تەلە فیزۆنانەی کەحەزی لێدەکەم | | |
| ٤٣ | دایك و باوکم گاڵتەبە هەڵس وکەتەکانم دەکەن | | |
| ٤٤ | دایك وبا وکم سزایەکی توندم دەدەن کەلە هەڵکەم گەورەتربێت | | |
| ٤٥ | دایك و باوکم ڕێگریم لێ دەکەن لە هەڵبژاردنی هاورێکانم | | |

پاشکۆی ژمارە (٢)

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێند نی باڵا

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان

فۆڕمی ڕاپرسی کۆتای

بەڕێز...

سلاو...

توێژەر، توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (پێوانەی شێوازی پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار)، ئەنجام دەدات. داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە وەڵامی پرسیارەکانی ئەم ڕاپرسییە بدەنەوە. پێویستە بڵێین: کە ئامانج لەمە تەنها بەدەستهێنانی زانستو زانیارییەو ناوی بەڕێزتان لەلای توێژەر پارێزراو دەبێت..

هاوکاریتان جێگەی سوپاسو پێزانینە

د.عبد الصمد احمد محمد

| ت | بڕگەکان | بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت | هەندێکجار بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت | بەسەرمدا جێبەجێ نابێت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دایك و باوکم ڕای خۆیان بەسەرمدا دەسەپێنن. | | | |
| ٢ | هەمیشە (دایك و باوکم) داواکارییەکانم بەتوڕەییەوە ڕەتدەکەنەوە. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | وا هەست دەكەم (دايك و باوكم) منيان پێ زيادە. | | | |
| ٤ | دايكو باوكم داوام لێدەكەن كە هەندێك لەشتە تايبەتييەكانم ببەخشم بەخوشكو براكانی ترم. | | | |
| ٥ | دايكو باوكم پرسم لەهيچ كارێ پێناكەن. | | | |
| ٦ | دايكو باوكم توندن لەگەڵمدا، لە هەموو شتێكدا. | | | |
| ٧ | دايكو باوكم ڕێگە نادەن راى خۆم دەربڕم. | | | |
| ٨ | ئەگەر لەمەبەستی دايكو باوكم تێ نەگەم لێم تورەدەبن. | | | |
| ٩ | دايكو باوكم ناهێڵن قسە لەسەر بۆچوونەكانم بكەم. | | | |
| ١٠ | هەميشە دايكو باوكم گازندەم لێدەكەن. | | | |
| ١١ | نيگاكانی دايكو باوكم وام لێدەكەن كە هەست بە ترس بكەم. | | | |
| ١٢ | دايكو باوكم هەميشە دژ بە ئارەزووە رەواكانم دەوەستنەوە. | | | |
| ١٣ | دايكو باوكم ناهێڵن لەگەڵ برادەرەكانم گەشت بكەم. | | | |
| ١٤ | باوانم ياساو رێسام بۆ دادەنێن كە دەبێت من جێبەجێيان بكەم. | | | |
| ١٥ | دايكو باوكم رێگريم لێدەكەن لە تەماشاكردنی ئەو كەناڵە تەلەفيزيۆنانەی كە حەزی لێدەكەم. | | | |
| ١٦ | دايكو باوكم رێگريم لێدەكەن لە هەڵبژاردنی هاوڕێكانم. | | | |
| ١٧ | سزاكانی دايكو باوكم لە هەڵەكانی من قورسترو گەورە ترن. | | | |
| ١٨ | دايكو باوكم رێگەم پێنادەن كە كاروباری خۆم بەڕێوەبەرم. | | | |
| ١٩ | دايكو باوكم پێداويستييەكانی خوێندنگام بۆ ناكڕن. | | | |
| ٢٠ | كە پێويستم بە ئامۆژگاری بێت، دايكو باوكم يارمەتيم نادەن. | | | |
| ٢١ | هەرچی داوابكەم لە دايكو باوكم وا ديارە لەبيری | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەکەن. | | | |
| ٢٢ | دایكو باوكم فێری شتە هەڵەو راستەکانم ناکەن. | | | |
| ٢٣ | واهەست دەکەم خوشكو براکانم لە دایكو باوكم نزیکترن وەك لەمن. | | | |
| ٢٤ | دایكو باوكم لەمن زیاتر پارەی خەرجی دەدەن بەخوشكو براکانم. | | | |
| ٢٥ | وا هەست دەکەم من سەرچاوەی بێزارکردنی دایكو باوكمم. | | | |
| ٢٦ | وا هەست دەکەم دایكو باوكم هەمیشە سەرقاڵن. | | | |
| ٢٧ | دایكو باوكم خوشكو براکانم لەگەڵ خۆیان دەبن بۆ شوێنانو بۆنەکان، بەڵام من نابەن. | | | |
| ٢٨ | واهەست دەکەم دایكو باوكم لێم رازیی نین. | | | |
| ٢٩ | دایكو باوكم گاڵتە بە هەڵسوکەوتەکانم دەکەن. | | | |
| ٣٠ | دایكو باوكم بەناو ناتۆرەی ناشیرین لەبەر چاوی کەسانی تردا بانگم دەکەن. | | | |
| ٣١ | هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم لەکاتێکدا داواکارییەم هەبێت لەدایكو باوكم. | | | |
| ٣٢ | دایكو باوكم لەپێداویستییەکانم ناپرسنەوە. | | | |
| ٣٣ | دایكو باوكم وایان پێباشە خۆم خۆبەرێوەبەرم گەر بەهەڵەشبێت. | | | |
| ٣٤ | دایكو باوكم پاڵنەر نین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم. | | | |
| ٣٥ | دایكو باوكم ئامانجم بۆ دروست ناکەن. | | | |
| ٣٦ | دایكو باوكم وەکو کەسێکی بیانی رەفتارم لەگەڵ دەکەن. | | | |
| ٣٧ | کە لە دەرەوەی ماڵەوە دوا دەکەوم لەگەڕانەوە، دایكو باوكم نیگەران دەبن. | | | |
| ٣٨ | واهەست دەکەم دایكو باوكم سزام نادەن، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵە دەکەم. | | | |
| ٣٩ | دایكو باوكم وا دەزانن ناتوانم لەکاتی کێشەدا بەرگری لەخۆم بکەم. | | | |
| ٤٠ | دایكو باوكم پێیان وایە کە توانای جێبەجێکردنی | | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ئەرکەکانم نییە، سەرباری ئەوەی بەتوانام. | | | |
| ٤١ | دایكو باوکم ناهێڵن هیچ زەحمەتێك بکێشم. | | | |
| ٤٢ | دایكو باوکم زیاد لە پێویست پێداویستییەکانم بۆ دابین دەکەن. | | | |
| ٤٣ | دایكو باوکم بۆ هەر کارێکی خێزانیی راوێژم پێدەکەن. | | | |
| ٤٤ | دایكو باوکم گوێ لە راو بۆچوونەکانم دەگرن. | | | |
| ٤٥ | دایكو باوکم کاری پێویستیان لەسەر شانم داناوە. | | | |
| ٤٦ | دایكو باوکم بەشدارم دەکەن لە وەرگرتنی رام بۆ بڕیاری خێزانیی. | | | |
| ٤٧ | دایكو باوکم سەر بەخۆیم دەدەنێ لەسنوری پێویست. | | | |

## پوختەی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پێوانەی شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکان لای هەرزەکار).

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش و چەند پاشکۆیەك پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا ئاماژە بە کێشە و گرنگی و ئامانج و سنووری توێژینەوەکە کراوە، هەروەها چەمك و زاراوەکانیش خراوەتە روو.

لە بەشی دووەمدا، کە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە، چەندین بابەت سەبارەت بە (گۆڕاو – متغیرات) ی (شێوازە پەروەردەییە نەرێنییەکان) شیکراونەتەوە.

لە بەشی سێیەمدا، ڕێباز و کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە و راستگۆیی و جێگیری و ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە خراونەتە روو. شایانی باسە کە نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قوتابخانەی (سەروەرانی کوڕان) و قوتابخانەی (لەیلا زانای کچان) و قوتابخانەی (هەواری شاری تێکەڵاو)، کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکارە، بۆ ساڵی (٢٠١٧ - ٢٠١٨).

لە بەشی چوارەمدا، کە دوا بەشی توێژینەوەکەیە، دەرئەنجام و شیکردنەوەی توێژینەوەکە خراونەتە روو، دەرکەوتووە کە شێوازی پەروەردەی نەرێنی، لای نموونەی توێژنەوەکە بەدیدەکرێت .

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، توێژەر چەند راسپاردەو پێشنیارێکی خستووەتە روو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## المستخلص

يتألف هڒا البحپ المعنون " قياس ألاساليب التربيه السلبيه لدى المراهقيـــن" من اربعه مباحپ. يتناول المبحپ الاول مشكله البحپ، والهدف منه، وقيمته، ونگاق الدراسه، بالاچافه الى توچيح عدد من المفاهيم والالفاڨ الاصگلاحيه. أما المبحپ الپانى فيستعرچ الاگار النڨرى للدراسه والڒى يعالج عددا من المتغيرات فى هڒه الدراسه. واما المبحپ الپالپ فيتناول صيغه البحپ وعينه الدراسه ، وكڒلك يتگرق الى مصداقيه واستقراريه گرائق البحپ المستخدمه فى الدراسه.

وتجدر الاشاره الى أن عينه الدراسه تمپلت بتلاميڒ مدرسه سەرۆران للبنين ومدرسه ليلى زانا للبنات ومدرسه هـَــوارى شـــار المختلگه، وتجدر الاشاره الى أن عينه الدراسه تمپلت (١٠٠) گالباً من كلا الجنسين، للسنه الدراسيه ٢٠١٧-٢٠١٨. وختاما يأتى المبحپ الرابع ليعرچ النتائج ويناقشها ويحللها ليتوصّل الى نتائج اهمها وجود التربيه السلبيه لدى العينه. ويختتم الباحپ هڒا المبحپ بحزمه من التوصيات والمقترحات.

## Abstract

This study, entitled, *Measuring Adolescent Negative Education*, consists of four sections. The first section deals with the problem of research, its purpose, its value and the scope of the study, in addition to clarifying a number of concepts and technical terms. The second section presents the theoretical framework of the study which addresses a number of variables in this study. The third topic deals with the research design and the sample of the study, as well as the validity and stability of the research methods used in the study. It should be noted that the sample of the study were students of Sararan School for Boys, Laila Zana School for Girls and Hawari Shar Mixed School in the academic year 2017-2018. Finally, the fourth section presents the results, discusses and analyzes them to reach the results, and the most important of which is detecting the negative education in the sample. The researcher concludes this section with a number of recommendations and suggestions.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)